www.kurdistannet.org
21/02/2002 00:53

# هێشتا ماوەتی لە بەغدا بدرێت. . !!

شـــێرزاد هەیـــنی ــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

یەکێك لە دیاردەکانی لێدانی بەغداو عیراق، بوون و راگرتن و پەیدابوونی سەحنەکانی " پەرپۆل " سەتەلایتە لەسەر بانە بەرزەکانی دەزگای راگەیاندنی وەزارەتی راگەیاندنی تایبەت و پەیوەست بە دەزگاکانی راگەیاندن. هەر کە هەڕەشەو توندی و نزیکبوونەوەی لێدانەکان لەسەر بەغدا پەیدا دەبێت ئەو سەربانانە بەو پەرپۆلانە سپی دەچێتەوە. چەند جارە وابووە. چەندین رۆژنامەنووسی بیانی، ئەوانە لەسەر بانەکان رادەگرن. تا چەندی زووە هەوالەکان بگەیێنە دەزگاکانیان، تا دەزگاکانیان بەوانە دەولەمەندو تێر بکەن، بە خۆیان و کامیراکان و ئامێرە نوێیەکانیەوە دێنەوە بەغدا. چاوی کامیراکانیان بۆ وێنەی گرتنی بۆمبابارانەکەی بەغداو ناوچەکانی تر ئامادەو تەیارە. زوو ئەوان ئامادە دەبن، لە شەقامەکان زۆر دەبن، دیداری جەماوەری و حکومی و حزبی زۆر دەکەن. هەوال لە بروسکە خێراتر دەگەیێنن.

بە پێی ئەو راپۆرتەی لە رۆژنامەی

" الخليج " ی ئیماراتی رۆژی ٢٠٠٢/٢/٢٠، وا دیارە هێشتا کاتی لێدانەکە نەهاتووە. چونکە لەسەر بانەکانا، ئەو بانانەی جاران دەبووە هێمای ئەوە، ئەو سەحنە سپیانە دیارنین، هێشتا بەرز نەکراونەتەوە. لە شەقامەکانا دیارە، هێشتا رۆژنامەنووسان نەهاتوون. ئەوانەی ئەو رێگا دووری نێوان بەغدا و عومان دەبڕن، هەر بە پەلەو بە کۆتایی هاتنی بۆمبابارانەکە دەگەرێنەوە.

دیاردەی دووەم، کە هێمای ئەوەیە، کەوا هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە لە عیراق بدرێت، بە پێی ئەو راپۆرتەوە دیارە کە نوسیویەتی، بازاری " لەنگە " ی شەقامی الکفاحی نزیك الشورجەی بەغدا، ئاپوورەی گەرمەو کرینی جلوبەرگی چەژن زۆرە، دیارە ترس کەمەو بۆیە بازار هەیە. هەروەها لە دووری هەر دوو هەزار مەترەوە لە بازاری العرصات، کە لە هەردوولای بازاری نویێ تێدایە، لەوێ و لە بازارەکانی ترا کڕین و فرۆشتنی دوا مۆدیلی جلوبەرگ هەیە. هەژارەکان خەریکی کۆنە و لەنگەن، ئەوانی تریش، دوا مۆدیل جل و بۆن و ئامێری کارەبایی و ئەلکترۆنی دەکڕن. دیارە شەڕەکە هێشتا ماویەتی.

ئەوەی چاك هەستیشی پێدەکرێت، بازاری دۆلارو مامەلەی دۆلار گەرمە. ئەگەرچی حکومەت بە بریاری رەسمی قەغەدەکردنی بەکارهێنانی دۆلاری راگەیاندبوو، دەبوایە مامەلە تەنیا بە " یورۆ " بوایە، بەلاّم، وا لەو رەوشەدا بازاری دۆلار گەرمەو نرخی بەرز نەبویتەوە. چونکە بازارەکانی بازرگانی عیراقی بە یەك هەوالی راست، یان پروپاگەندەیەکی رۆژانە دەشێوێت، نرخی دۆلار دەگۆڕێت، کە بازار ئارامەو نرخ نەگۆڕاوە دیارە رەوشەکە هێشتا هێمنە.

وا بەرەو چەژن و چەژنانە دەچن، میللەت بە گەرمی خەریکی پێشوازی چەژنی قوربانن. جارێ مەترسی نییە. بەیان و دووان و دیدارە رۆژنامەنووسیەکانی بەرپرسانی بەرزی ئەمریکی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی و وەزارەتی بەرگری کاریگەری نەبووە، دیارە بازارەکە ئەوەندە شارەزان، ئەوان باشترین پێوانن بۆ دەستپێکردنی قەیرانی تازە و لێدانی نوێ. بۆیە وا دیارە هێشتا ماویەتی لە عیراق بدرێت.